ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و دارایی دەکەین، وێنەیەکیش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکەین لەگەڵ سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئێستا دەگەڕێینەوە سەر بەرنامەی کاری خاڵ یەکەم، کە دەبێتە خاڵی شەشەم بۆ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانی کراو و ڕاگیراوی سیاسی، ژمارە 11 ی ساڵی 2011 . داوا لە لیژنەی شەهیدان دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، ئێمە لەسەر سیاغەی ماددەیەك وەستابووین، ئێستا ئێمە چاوەڕێی سیاغەکەی ماددەکە دەکەین، بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تێبینی کردنی ڕاو سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان بۆ سیاغە کردنی ماددەی دووەمی پرۆژە یاسایەکە سیاغەکە بەو شێوەیەیە:

المادة الثانية:

تعدل المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالاتى:

اولا/ تشكل الوزارة لجان فى مراكز المحافظات فى الاقليم وادارة گەرميان برئاسة قاضى يرشحه مجلس القضاء فى الاقليم و عضوية ممثلى الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت فى طلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

1/ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

2/ وزارة الداخلية.

3/ وزارة المالية والاقتصاد.

ثانيا/ يثبت السجين او المعتقل السياسى امام اللجنة بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات المرقم 107 لسنة 1979 المعدل النافذ فى الاقليم.

ثالثا/ تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية وعند تساوى الاراء يرجح الرأى الذى يصوت معه الرئيس ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008.

رابعا/ تتولى الوزارة رفع القرارات المتخذة من قبل اللجنة الى الوزارات المعنية لاتخاذ المقتضى القانونى بصددها وفقا لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز ئارام احمد (وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بۆ ئەم دانیشتنەش بۆ بەڕێزتان، سەبارەت بە ئەو ماددەیە ئێمە پێکەوە دانیشتین لەگەڵ ئەو بەڕێزانە پێشتر بۆ ئەوەی پوختی بکەینەوە، بۆیە ئێمە پێمان باشە و تەحەفوزی ئەوەمان هەیە تۆزێ وەکو هەفتەی ڕابردووش باسمان کرد، ئەو لیجانانە وەکو حاکم تەقریبەن قەرارێکی موتڵەقیان هەیە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە پرۆسەیەك هەبێ لەڕووی داڕشتنی سیاسەتی گشتی ئەم ئەرکە لە وەزارەتەوە، یەعنی لیژنەیەکی ناوەندیمان هەبێ بۆ تەماشا کردن یان ئەو برگەیەی کۆتایی کە جەنابی باسی کرد (تتولى الوزاره رفع القرارات) یەعنی هەر ڕەفع نەبێ تەدقیقیشی لەگەڵ بێ، ئەو دەقە ئەوەی برگەی 4 دەڵێ (تتولى الوزاره رفع القرارات) یەعنی (تدقيق ورفع القرارات)، یەعنی تەدقیقیش هەبێ، چونکە ئەشکالی مەحەلی دروست دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێمە وەختی خۆی زۆر موناقەشەمان کرد، ئێستا دیسان بەنوقتەی نیزام چەندین کەس موناقەشەی کرد، دیسانەوە دەست پێ بکەینەوە؟ کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ئەگەر نیزامی نەبێت پێم بڵێ، ئێمە گفتوگۆیەکی درێژمان کرد لەسەر چەند خاڵ و چەند پێشنیار هات، بەڵام پێشنیارەکان ڕەچاو نەکراون، دەبێ بخرێنە دەنگدان پێش ئەوەی دەقێکی نیهائی ببێت، مەسەلەن ناوهێنانی ئیدارە، ئیدارات بێ، گەرمیان بێ، هەر ناو نەهێنی ئەوە تەقریبەن سەعاتێك ئەو موناقەشەیە کرا، وەکەئەنەهو ئەو نەبووە، بۆیە بەتەسەوری من ئەم نوقتەیە دەبێ پێش ئەوەی دەنگ بدەین لەسەر ماددەکە، ئەو پێشنیارانە بخرێنە دەنگدان و ئەگەر ڕەد کران تەواو، ئەوە یەك، دوو/ ڕەئیەك هەبووکە باسی گەرمیان وەکو ناونەهێنن بڵێن (الادارات المستقله)، ڕەئیەك هەبوو (وکافه الاشکالات الاداريه)، ڕەئیەك هەبوو دەیانگوت هەر باسی نەکەین، چونکە ئەو ئیداراتی موستەقیلە هەرچەندە ڕەسمیەن سەنەدی قانونی نیە، بەڵام ئێمە تەعامولیان لەگەڵ دەکەین و وەکو ئەوانە دوو، سێ ڕەئی هەبوو، مەسەلەی لیجنەکە (ترتبط بالوزارة) من مودیر عامم لە وەزارەتێك مورتەبت نیم بە وەزارەتی شوهەدا، مورتەبتم بە وەزارەتەکەی خۆم، ئێمە لە چەند لیژنەی موشتەرەکی ترمان کردووە، (برئاسه أو بأشراف مەسەلەن فلان وەزیر)، نەبووە تۆ لیژنەیەك تەشکیل بکەی تەرتەبت بە وەزارەت، چونکە ئەندامەکانی لە وەزارەتێکی ترن، نەسەکە بخوێننەوە، موهیم ئەوە بوو نوقتەی نیزامیەکەم، ئەو چەند ڕەئیە دەبێ بخرێنە دەنگدان، دوو، ئەمە ئەگەر تەرتەبتی بە وەزارە بێ ئەوانە موەزەفی وەزارەتی ترن، ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕابردوو چەند سەعاتێك ئێمە لێرە موناقەشەمان کردووە و ڕەئی یەك ئەندام پەرلەمان لێرە نەخراوەتە دەنگدانەوە و نەنووسراوە لەلایەن ئەم لیژنەیە، ئێمە لە کوردستان بن بەردو لە دێ و شار و دێهات نەماوە کە ئەنفال و سجن و شەهیدی تێدا نەبێ، بۆچی یەك ئیدارە بە تاقی تەنیا بێ و یان موحافەزەکان بێ، یان ئەوەتا هەمووی بگرێتەوە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پشتگیری لە تەرحەکەی بەڕێز وەزیری شەهیدان دەکەم، بەوەی کە فیعلەن دەبێ ئەو قەراراتە موتڵەقە تەنها لەلای ئەو لیژنەیە نەبێ، ئەو لیجانانە لە کۆتایی دا لە وەزارەت بە فلتەری ئەخیردا بڕۆن، بەڕێزان ئەمە کارێکی قەزائی نیە کەس نەتوانێ تەعنی تیا بکات، بەڵێ دەبێ فلتەر هەبێ، لەبەرئەوەی هەندێ تەجاوزات هەیە، لەبەر بوونی ئەو تەجاوزاتانە من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم، بۆ ئەوەی ئەو تەجاوزاتانە نەهێڵدرێ، ئەگەر حەز دەکەن لە دوایی دا دەیڵێم، بەڵام حەز ناکەم لەم مینبەرەوە باسی تەجاوزاتەکان بکەم، بۆیە من پشتگیری وەزیر دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی ڕۆژی 4/16 وەڵامی ئەو پێشنیارانەمان دا کە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کرد، وتمان ئەو پێشنیارانە ئەگەر موخالفی قانونە و یان موخالفی قەوانینی مەعمولە و یان موخالفی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، ئێمە پێمان وەرنەگرتووە، تەنها ئەو پێشنیارانە کە قانونیە جێ بەجێ مان کردووە، جەنابی کاك عبدالسلام بەرواری دەڵێ تەرتەبت بە وەزارە، ئێمە لە پرۆژەکەی کە ئێستا خوێندمانەوە نووسیومانە (ترتبط بالوزارة) دووبارەی دەکەمەوە بەو شکلەیە:

تعدل المادة الرابعة من القانون وتقرأ كالاتي:

اولا/ تشكل الوزارة لجان فى مراكز المحافظات فى الاقليم وادارة گەرميان برئاسة قاضى يرشحه مجلس القضاء فى الاقليم و عضوية ممثلى الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت فى طلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

1/ وزارة الشؤون الشهداء والمؤنفلين.

2/ وزارة الداخلية.

3/ وزارة المالية والاقتصاد.

واتە ئێمە نەمانگووتووە تەرتەبتی بە وەزارە، وەزارەت لەبەرئەوەی خۆی لیژنەکان دادەمەزرێنێ.

ثانيا/ يثبت السجين او المعتقل السياسى امام اللجنة بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات المرقم 107 لسنة 1979 المعدل النافذ فى الاقليم.

ثالثا/ تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية وعند تساوى الاراء يرجح الرأى الذى يصوت معه الرئيس ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008.

رابعا/ تتولى الوزارة رفع القرارات المتخذة من قبل اللجنة الى الوزارات المعنية لاتخاذ المقتضى القانونى بصددها وفقا لاحكام هذا القانون.

ئەم چوار برگەیە لە ماددەی 2 کە بەو سیاغەیە دارێژراوە و ئێستاش ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە ئەگەر دەنگی بۆ نادەن دەتوانین دیسانەوە بیگۆڕینەوە، بەڵام ئەوە بەڕاستی کارێکی قورسە، چونکە زۆر موناقەشەمان کرد و لە ئەنجامی ئەو موناقەشانە ئەو سیاغەمان دانا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیاغەیەی کە کاک عونی خوێندیەوە تورقی تەعنیشی تیایە و حەقیش دراوە بە لیژنەکە ئەوەی کە سۆزان خان باسی لەسەر دەکات، کە تەدقیقی موقەرەراتی ئەو لیژنەیە، یەعنی نە تەدقیق کردنەوە لەسەر ئەوە، یەعنی تەدقیق کردنی ئەو موستەمسەکاتانە و ئەو شەهاداتانەی کە پێشکەش کراوە بەو لیژنەیە ئەمە لێرە دەری دەخات ئەو کەسە سەجینە یان سەجین نیە، بەهەر دوو حاڵەتەکەی ئەگەر سەجین بێ و ئەگەر سەجین نەبێ، حەقی تەعنی دراوەتی لەبەردەمی مەحکەمەی ئیداری، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئێمە پێویستە ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر بکەین بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئایا ئێستا لە وەزارەتەکەدا مودیریەتێك هەیە هەستێ بە کاروباری ئەم سەجینە سیاسیانە، دەکرێ جەنابی وەزیر بە گوێرەی ماددەی 18 لە یاسایەکەی خۆی کە ئیستحداسی مودیریەت و شوعەب و ئەقسام و ئەمانە بکات، دەکرێ ئەم عەمەلیەتی تەدقیقە لەلایەن جەنابی وەزیر لە وەزارەتەوە بکرێ، ئەگەر مودیریەتێکیان هەیە، دوای ئەو لیژنەیە تەدقیقی ئەو قەرارانە بکەن دواتر کێ بەدڵی نیە تورقی تەعن بگرێتە بەر بۆ خۆی و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشوومان ژمارەیەك کە تەسەور دەکەم حەوت تا هەشت ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بوو داوامان کرد کە ئیدارەی ڕاپەڕین داخڵ بکرێ، من ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە ئەو ڕایەی خۆمان، ئیدارەی ڕاپەڕین بە فەرمانێکی ڕەسمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە مەرسوم دانراوە جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان، بۆیە دەبێ ئیدارەی ڕاپەڕینیشی بۆ زیاد بکرێ، یان پێشنیار دەکەم وەکو جاری پێشوو وابکرێ بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئاییندەش دا ئیدارەی تر کرانەوە بڵێین ئیدارە سەربەخۆکان یان هەر عینوانێکی تری لێ دەنرێ، چونکە ناکرێ فەرمانی مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم لەبەرچاو نەگیرێ کە بۆ ئیدارەیەکی تایبەت بۆ سنوورەکە دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز صباح احمد(ئارام) (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەربارەی ئەم خاڵە چەند جار دووپاتمان کردووەتەوە، یەعنی لایەنی سیاسی تیایە دەبێ دەسەڵاتی موتڵەق نەدرێتە مەحەلی، باسی پرۆسەی شەهیدان دەکەم، یەعنی هاوشێوەیە، یەعنی ساغ کردنەوەی یەکێك شەهیدە یان شەهید نیە، دوو فلتەرمان داناوە، لەناوچەکان، لە بەڕێوبەرایەتیەکان لیژنەیەك هەیە، لەڕووی مەحەلیەوە ساغی دەکەنەوە دوای ئەوە ڕەئی خۆشیان دەردەبڕن، بەرزی دەکەنەوە بۆ ئێمە لەوەزارەت لیژنەیەکی ناوەندیمان داناوە دیسان پێداچوونەوە دەکەن، ئەو لیژنەیە هەم دەرفەتی ئەوە دەدات سیاسەتی گشتی کارەکە ببینێ چۆنە، هەم ڕێگەش دەگرێ بەڕاستی ئەم پرۆسانە زۆر ساغ نین، یەعنی دەیان دەرگا و بەڵگەی جیاجیا هەیە دەبێ ئێمە دەسەڵاتێکمان هەبێ بۆ ساغ کردنەوە و پێداچوونەوەیەك، نەك لە ڕووی مەحەلیەوە ئەو کارە بکرێ دوایی ئێمە دەسەڵاتمان نەبێ و بڵێین (تو لەیت) یەعنی ئێستاکە پرۆسەی شەهیدان وایە و پرۆسەی زیندانی سیاسیش پێمان وایە دەبێ تەدقیق بکرێتەوە لە وەزارەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەخوای ناوی هەمووتان دەنووسم حەز دەکەن هەتا سبەینێ دادەنیشین، هیچ موشکلەمان نیە، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، پەیام خان، کاك عبدالرحمن، کاك سەردار، کاك گۆران، کاك ئارام، د.احمد، تەبعەن ئەوە پێشتر زیاد لە سەعاتێك موناقەشەمان کردووە، ئەم ناوانە ئیزافە کران، کوێستان خان و تارا خان، پەیام خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێشتر موناقەشەیەکی زۆر کرا لەسەر ئیدارات، هێشتا ئەوە نەخراوەتە دەنگدانەوە و یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام لیژنە بۆخۆیان ناوی ئیدارەی گەرمیانیان تەنها هێناوە، چەند کەسێك باسی ئیدارەی

ڕاپەڕین و ئیدارەکانی تری کرد، بەڵام ئەگەر بێتو ئەوەش نەکرێ، چەند پێشنیارێك هەبوو کە حەسر نەکرێ ئەو لیژنەیە، یەعنی ئەو لیژنەیە لە محافەزەی سلێمانی دائەنرێ، ئەو لیژنەیە بۆی هەبێ سەردانی شوێنەکانی تر بکات، نەك خەڵکەکە لە جێگە دوورەکانەوە بێن بۆ سلێمانی یان بێن بۆ هەولێر یان بۆ دهۆك، چونکە ئەوانە وەك خۆمان دەزانین ئیمکانیەتی مالیان زۆر کەمە، ئەو خەڵکانە پێویست دەکات لیژنەکە خۆی بڕوات بۆ ئەو شوێنانە دوو/ جگە لەوە ئەوە پێشنیاری بەڕێز وەزیر کە تەدقیق بکرێ، ڕاستە ئەو تەدقیق کردنە زۆر گرنگە، بەڵام سەلاحیەتی وەزیرە، تۆ ئێستا شەرت نیە مودیریەتێك دامەزرێنی کە لە قانونەکە دا ئەو مودیریەتە ناوی نەهاتووە، بەڵام ئەم سەلاحیەتی وەزیرە  کە ئەو بتوانێ یەکێك لەو مودیریاتانەی خۆی کە ئێستا هەیە تەخویلی بکات بۆ ئەو فەترەیە تەدقیق بکات، چونکە ئەمە زیندانی سیاسی ئێمە هەتاهەتایە نیە، هەمووی زیندانی سیاسی ئەگەر ئیشێکی زۆر زەبتی لەسەر بکرێ بە 6 مانگ و بە ساڵێك تەواو دەبێ، دوای ئەوە ئیشی نامێنێ ئەو مودیریەتە کە ئێمە بێین و قانونەکە هەموار بکەین و ئیستحداسی ئەو مودیریەتە بکەین، بۆیە سەلاحیەتی وەزیرە و دەتوانێ مودیریەتێکی خۆی تەخویل بکات بۆ ماوەی ئەوەندە تەدقیق بکات لەو ئەوراقانە، هیچ پێویستی بە هەموار کردن و هیچی تر نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی جەلسەی پێشووش چەند پەرلەمانتارێك قسەیان کرد لەسەر ئەو ئیدارانە، یەعنی ئیدارەکان هەر هیچی نەمێنێ، هەر سێ پارێزگاکان بن، یان هەموو قەزاکان بگرێتەوە، چونکە ئەگەر بێین و سەیر بکەین قەزاکان، زۆر قەزا هەیە دوورە لە پارێزگا، ڕاستە حەقی خۆیانە و بۆ تەسهیل کردن و ئەم جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە، من پێموایە لە پاڵ پارێزگاکان قەزاکانیش بخەنە ناو، هەموو قەزاکانی هەرێم بگرێتەوە، تەسهیل دەبێ و ئاسانکاری دەبێ بۆ ئیش و کارەکان و قەزاکان بگرێتەوە یان هەر ئیدارە نەمێنێ، هەمووی هەر سێ پارێزگاکان، ڕاستە، بەڵام ئاستەنگ دەبێ بۆ ئەو کەسەی کە بێتە لیژنە، لیژنەش لە پارێزگاکان بە تەنها بێ، زۆر قەزا هەیە دوورە، زەحمەت دەبێ و لەوانەیە وەزعی خراپ بێ و پێشنیار دەکەم قەزاکانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا زیندانیانی سیاسی حەق نیە بەو شکلە ڕۆتینیاتیان بۆ دروست بکرێ، ئەم لیژنەیە  دێت و چوار کەس دەبێ شایەتی بۆ بدات، چوار کەس دەبێ قورئانی با، حاکم دەبێ قورئانی با، ڕۆتینیاتێکی زۆری بۆ دروست کراوە، من تێ ناگەم یەعنی سەر لەنوێ وەکو سەرەتای گرتنەکەیان تەحقیقیان لێ دەکرێ، یەعنی مەنتق نیە جارێکی دیکەش، بەڕاستی من ڕێزم هەیە بۆ ڕەئیەکەی جەنابی وەزیر، ناکرێ مادام حاکمێك و لیژنەیەك بڕیارە ئەمە سجنی سیاسیە وزائیدەن ئەوەی کە لە بەغداش پشت ڕاست دەکرێتەوە، یەعنی پێویست ناکات ئەم هەموو هینە، هەیانە تەمەنا دەکات سجنی سیاسی نەبووایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسە کردنی من لەسەر ئەم ڕوونکردنەوانە هات کە درا لەسەر مەسەلەی تەدقیق کردن لە قەراراتی حاکم، یەعنی نازانم پرۆسەکە بەو شێوەیە پرۆسەی زیندانی سیاسی، کۆمکارێك هەیە مەحزەریان بۆ پڕ دەکاتەوە و تەدقیقی هەموو ئەوراقیان دەکات، دەینێرێ بۆ بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەکان کە سەر بە وەزارەتی شەهیدانە، ئەم بەڕێوبەرایەتیە دێ هەموو ئەوراقی لێ وەردەگرێتەوە و فۆرمی بۆ پڕ دەکاتەوە، یەك کۆمەڵ ئەوراق و ئیستنساخ و موستەمسەکاتی لێ داوا دەکات و شاهیدی لێ داوا دەکات، ئەی ئەمە تەدقیق نیە؟ ئێ کە لەوێ ئەو ئەوراقە تەواو نەبوو بۆ دەینێری بۆ بەردەم حاکم، ئەی تەدقیق بۆ دەبێ لەدوای قەراری حاکم بێ؟ کە دەچێتە بەردەم حاکم موستەمسەکات و شاهێد و ئەوراق و فۆرم و سوێند و ئەوراقی مەحکەمە هەموو شتێکی تیایە، ئەوجا حاکم لەسەر ئەو ئەوراقانە دێ ئیجرائاتی سوێند خواردنەکە دەکات، ئێمە ئەوە بکەین یەکەم جار و دوایی بیدەینە حاکم و دوایی دیسان بیهێنینەوە و وەزیر تەدقیقی تیا بکات، تەدقیقەکە لە پێشەوە هەیە، ئەمە یەك، دوو/ بەشێك لە ئەندامان کە هەندێ مولاحەزە هەیە بەڕاستی کە لە جێی خۆیەتی لەسەر مەسەلەی سوێند خواردن و ئیجرائاتە قورسەکان، بەڵام ئەمە پەیوەستە بەو تەعلیمات و بەو ئەنزیمەیەی کەوا بۆ ئەم یاسایە دەرچووە، زەرورە لە دوای هەموار کردنی ئەم یاسایە وەزارەت و بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسەکان لە ئەنجومەنی وەزیران جارێکی دیکە موراجەعە لەو ئەنزیمەیە بکەنەوە کە بۆ تەنفیزی ئەو قانونە دەرچووە و هەندێ ئیجرائاتی تیایە ئێستا ئێرە شوێنی نیە باسی بکەین، لەگەڵ یاسایەکە ناگونجێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له کۆبوونەوەی پێشوو بەڕێز حاکم عونی دەقێکی دەستووری هێنایەوە کە دەبێ پابەند بین بە دەستوورەوە و نابێ ناوی ئیدارات بێنین تەنها پارێزگاکان و ئیداراتی مەحەلی، جا من لە بەڕێزیان دەپرسم و لە لیژنەکەش، ئایا بە چ دەقێکی دەستووری یاخود بە چ دەقێکی قانونی هەرێمی کوردستان باس لە ئیدارەیەك دەکرێ و باس لە ئیدارەکانی تر ناکرێ؟، بۆ مان ڕوون بکاتەوە؟ زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیدارەکان، هەڵبەتە جگە لە ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەڕین و هەروەها ئیدارەکانی تریش وەکو هەڵەبجە و سۆران، ئەوانەش بڕیاریان بۆ دەرچووە، ئەگەر قەرار بێ بەڕاستی ئەگەر ئیدارەیەك زیاد بکرێ دەبێ ناوی ئیدارەکانی تریش بێ، بەڵام من نازانم دوێنێ سیغەیەکی تر بوو ئیدارەی گەرمیانیشی تێدا نەبوو، ئەگەر بەو شێوەیە (تشکل لجنة خاصة برئاسة قاضی فی المحافظات والادارات والوحدات الاداریة الاخری عند الاقتضاء یرشح مجلس القضاء ..... الخ) بەڕای من بەو شێوەیە بێ، چونکە ئەگەر ناوی ئیدارەیەك بێنین بەڕاستی گلەیی هەبێ لەسەر ئیدارەکانی تریش کە پێویستە ئەوانی دیکەش داخل بکرێن، سەبارەت بەو لیژنەیەی بەڕێز جەنابی وەزیر باسی دەکات من پێموایە ناکرێ ئێمە گومان بخەینە سەر ئەو لیژنەیە و نەزاهەتی لیژنەکە مادام ئەو ئەرکەمان پێی سپاردووە پاشانیش بڕیارەکەی قابیلی تەعنە لەلای مەحکەمەی ئیداری، کە مادام قابیلی تەعنە ئێمە بەڕاستی نابێ گومان و شەك دروست بکەین لەسەر مەحکەمە و یان لەسەر بڕیارەکانی لیژنە، پێموایە ئەوە کافیە ئەگەر زۆر مەرجەعیشمان بۆ دروست بکەن ڕەنگە دیسانەوە ئیشەکە ئاڵۆز تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر وەك ئەوەی کاك ئارام باسی کرد، ئەو ئیدارانە ئەگەر نا دەستووریش بن تازە دروست کراون و دوو ئیدارەش هەیە کە بڕیاری بۆ دەرچووە و ڕەسمیە تا ئێستا، گەرمیان و ڕاپەڕینە، بۆیە بەڕای من ئێستا دوو ڕا هەیە لە بەردەمی ئەندامانی پەرلەماندا کە یەعنی دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە بە پێی پەیڕەو، یەکەمیان ئەوەیە کە ئایا ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین ئەو لیژنانەی بۆ دروست بکرێ یان نا؟ ڕەئی دووەم ئەوەیە کە کاك پێشەوا پێشنیاری کردووە و چەند ئەندام پەرلەمانێك پشتگیریان کرد کە لیژنەکە لەسەر ئاستی محافەزە بێ و بتوانێ سەردانی هەموو قەزاکان بکات بۆ بەدواداچوونی ئەمە، بۆ مەسەلەی ئەو

بەڕێوبەرایەتیەش کە باسکرا پشتیوانی لە پەیام خان دەکەم، بەڵام دەبێ بەڕاستی ئەمە تەدقیقی تیا بکرێ، چونکە زۆر سجنی سیاسی هەیە کە ئێستا وەك باس دەکرێ و سەردانمان دەکەن لە نووسینگە بەهۆی نەبوونی شایەت و زۆر ئەو رۆتیناتانەی هەیە هێشتا نەیتوانیوە وەك زیندانی سیاسی دابندرێت، خەڵکیش هەیە لەناو ئەوانەدا کە زیندانی سیاسیە و ئیش دەکات و ببێتە زیندانی سیاسی و فیعلەن زیندانی سیاسی نیە، بۆیە هەر دوو حاڵەتەکە پێویستی بە تەدقیق هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

تارا خان فەرمو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەوزوعی زیندانی سیاسی کە قسەی زۆری لەسەر کراوە و هاوکارانم لەسەری ڕۆیشتوون، ئێمە تاوەکو ئاسانکاری بکەین بۆ زیندانی سیاسی هەڵبەتە وەکو قەرەبوویەکی مەعنەویە بۆ ئەو کەسانەی کە بە هیچ نەوعێ بەو ماددانەی لەناو قانونەکە هەیە ناتوانین حەقیان بدەین، بەڵام بەڕاستی پشتگیری خۆم دەکەم بۆ ئەو ڕایەی جەنابی وەزیر لەبەرئەوەی ئەو تەدقیق کردنە نە تەعن کردنە بە حاکم و قانون، نە تەعن کردنە بە هیچ کەم کردنەوەیەك لە لایەنەکانی تر، بەڵکو لە مەسڵەحەتی سجینە سیاسیەکەیە، لە مەسڵەحەتی ئەو کەسەیە کە زیاتر وردبینیەك هەبێ لەسەر ئەو موستەنەدات و ئەو شتانەی کەوای کردووە کە بیلفعل ئەوە زیندانی سیاسیە، لەبەرئەوەی بەداخەوە مومکینە خۆیان لە وەزارەتەکە باشتر دەزانن، مومکینە ئەگەر بە حەقی زیندانی سیاسی دابنێین ڕەنگە چەند هەزار کەسێ بێ، یەعنی سێ بۆ چوارێك بێ ئەوەی کە زانراوە، بەڵام ئێستا زیاتر لە 30 هەزار سەجینی سیاسی هەیە، لەبەرئەوە بۆ ئەوەی پێشێل نەکرێ و مافەکان بەرێك و پێکی بێ، ئەم بەدواداچوون و تەدقیقە باشە و پشتگیری دەکەم، ئەگەر بێتو ئەمە لەسەر بنەمایەك بێ کە بۆ مەسڵەحەتی ئەو زیندانیە سیاسیە بێ، دووەم شت بەڕاستی من نازانم ئەم یاسایە لەگەڵ سەرۆکی لیژنە قسەم کردووە، بەڵام حەزم دەکرد زیاتر ڕوون کردنەوەیەك لە بەشی یاسا و بەشی پێشمەرگە بۆم بکرێ، ئەگەر زیندانی سیاسی هەموو ڕژێمە دوابەدواکان بێ ساڵی تایبەت هەیە ڕێگر بێ بۆ ئەوەی حەوت سەد کەس هەیە لە دوای ساڵی چلەکانیشەوە مەلەفیان ماوەتەوە وەکو زیندانی سیاسی ئەوەیان حساب ناکرێ ئایا لە شەستەکانەوە حساب دەکرێ تاوەکو ئەمڕۆ، یان ئەوانیش دەگرێتەوە، هەست دەکەم ئەوەش نا ڕوونیەك هەیە بۆم پیشان بدرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

تکایە بێ دەنگ بن، بەش بەحاڵی خۆم پێم وابێ شەرحەکەی کاك گۆران شەرحێکی زۆر شافی و وافی بوو، ئەسڵەن ئەو ئەوراقانە یەکەم جار لە وەزارەت خۆی دەکرێ، با وەزارەت خۆی کۆنترۆڵی مەسەلەکان بکات، کە وەزارەت خۆی ئەوراقەکانی دی دێتە بەردەستی ئەگەر بەدڵی نیە با نەیکات، بەڵام کە خۆی ئۆکەی

لەسەر کردووە و ڕەوانەی مەحکەمەی کرد، دوای ئەوە خۆی کە لە دوای ئەوەش حەقی ئیعترازیان هەیە، موناقەشە تەواو بوو، بەس بزانم ڕەئی جەنابی وەزیر؟ کاك عونی فەرمووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووبارە قسەکانی خۆم دەکەمەوە، تەبیعی پێشنیاری ئەوە کرا کە بڵێین ئیدارات، ئەگەر ئێمە بێینەوە سەر دەستووری عیراقی و قەوانینی خۆمان لە کوردستان و لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبینین وەحەداتی ئیداری لە هەرێمی کوردستان پێك دێت لە چ پارێزگا و قەزا و ناحیە، واتە ئیدارات هەرچەندە ئیشی پێکراوە عەمەلیەن، بەڵام لە قانونەکانمان نیە، ئەو پێشنیارەی کە کرا سەبارەت بە زۆربەی زۆری ئێمە کە گەرمیانمان بەتایبەتی لە پرۆژەکە داخل کرد، لەبەرئەوەی گەرمیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، زۆرترین شاڵاوی ئەنفال و شەهید و کاولکاری ئاڕاستەی گەرمیان کراوەتەوە، لەبەرئەوە ئێمە تەنها ئەوەمان حەسر کرد، ئەگەر بڵێین ئیداراتی دی بەڕاستی پەرت و بڵاو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەڵێن تشكل الوزارە لجان واتە چەند دەتوانێ لیجانی لە مەراکزی محافەزات دابنێ، نا لجنەك، چەند لیجنەك دەتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە پەیوەستە بە زیندانی سیاسی و ڕاگیراوە سیاسیەکان، دوو/ جەنابی کاك ئارام دەڵێ کاك عونی قسەی کرد لەسەر دەستوور کە ئیشارەی بە ماددەی دەستووری دا، ئێستاش دەڵێم ماددەی 116 لە دەستووری عیراقی بە وازحی باس لەوە دەکات و هەروەها ماددەی 122 لە دەستووری عیراقی هەمیشەیی دەتوانێ مراجەعەتی بکات و بیخوێنیتەوە، پێی ناوێ خۆ ئیمتیحان نیە لێرە لوجنە دانیشین و وەکو ئەوەی لێ هات بەداخەوە کەئەنەما ئێمە دانیشتووینە ئیمتیحان دەکرێین و جوابی ئەندامانی پەرلەمان دەدەین، ئایا ئەو ماددەیەت لە کوێ هێناوە، تەبیعی ئێمە وەکو لیژنە هەردوو لیژنە پرۆژەك تەقدیم کراوە بۆ ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە، ئێمە پرۆژەکەمان دیراسەت کردووەتەوە، پەیوەندیمان بەلایەنی پەیوەندار کردووەتەوە، دوای ئەوەی ڕەئی حکومەتیشمان وەرگرتووە لەسەر پرۆژەکە کە حکومەتیش تێبینی هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئەندام پەرلەمان بەداخەوە خۆی موتابەعەی مەشروعەکان ناکات، موتابەعەی قەوانینەکان ناکات، ئێمە لە لیژنە و لەسەر مەنەسە دەورمان چیە؟ ئێمە تەنها کە موناقەشەکەی دەکەین وەکو لیژنەی قانونی ئێمە بەرپرسین لەلایەنی دەستووری قانونی ئەو پرۆژانە کە تەقدیم دەکرێ بۆ پەرلەمان، واتە هیچ لەگەڵ ئەوەی دانینە پرۆژەیەك لە پەرلەمان پێشکەش بکرێ موخالفی دەستوور بێ و موخالفی قەوانینی مەعمول بێ، یان فەراغی قانونیمان نەبێ ئێمە جێگیری بکەین بە ماددەی قانونی لە پرۆژەیەك لەپرۆژەکان کە تەقدیم دەکرێ، دوو/ ئێمە کە وەکو لیژنە ڕەئی خۆمان دەدەین، هی ئێمەش خۆ ڕەئی نیهائی نیە، پێشنیارە، ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قەراری لەسەر دەدەن، ئایا ئەو ڕەئیە یان ئەو سیاغەیە قەبوڵ دەکەن یان نا؟، ئەگەر قەبوڵتان نەکرد، ئێمە هیچ مانعمان نیە و دووبارە سیاغەی

بكەینەوە ئینجا بخرێتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز قەراری لەسەر بدەن قەبوڵی دەکەن یان قەبوڵی ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

ئێمە گوتمان موناقەشە تەواو كاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێزایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك عبدالسلام باسی کردو وتی بۆچی ناخرێتە دەنگدانەوە، بەڕێز کاك حاکم عونی وتی لەبەرئەوەی کە ئێمە مانعی دەستووری و قانونی هەبووە، بۆیە نەمان خستووەتە دەنگدانەوە کە باس لە ڕاپەڕین وئیداراتی تر دەکات، من داوای بەڵگەکەم کرد کە چ مانعێکی دەستووری و قانونی هەیە باس لە گەرمیان دەکرێ و باس لە ئیدارەکانی تر ناکرێ؟، لە کاتێك دا کە یاسای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەیە کە باس لە سێ ئیدارە دەکات، هەڵەبجە و ڕاپەڕین و ئاکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز ئارام احمد (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ڕوونکردنەوە تەدقیق ئەو تەدقیقەی ئێمە کە داوای دەکەین جیاوازە لەوەی کە بەڕێزان کە کاك گۆران و کاك سەردار باسیان کرد، ئەوەی بۆ زیندانی سیاسی کە سەرەتا پرۆسەکە دێتە پێشەوە پێوەرەکەیە، ئێمە پێوەرەکە بە پێی ڕێنمایی ئاسانکاریان بۆ دەکەین، یەعنی ئەوەی کە شکات لەوە دەکرێ کە چوار شایەد و ئەوەندە بەڕاستی ئەوە دەبێ ئاسانکاری تیا بکرێ، ئێمە ئەو پرۆسەیە بە پێی ڕێنمایی نوێ دوای ئەم یاسایە ئاسانکاریان بۆ دەکەین بۆ ئەوەی ئاسانتر بێنە لای بەڕێوبەرایەتی، دوای ئەوە تەدقیقەکەی لای ئێمە جیاوازە لەوە، بۆ ڕوون کردنەوە، ئەمە بۆ سیاسەتی گشتی و بۆ بەرژەوەندی گشتی بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتە مەحەلیەکان بەڕاستی ئێمە واقعێك هەیە کە دەبێ ئێمە بیزانین، ئێمە لە بەڕێوبەراتیەکان هەمانە و لەوەی شەهیدان هەمانە، بۆ ئەوەی لە وەزارەتەوە سیاسەتی گشتی دابڕێژرێتەوە بۆ هەر ئەرکێك ئەوا پێویستە ئەو وردەکاریە بکرێ، تۆ بە وردەکاری ئەوە ناکەی کە تەوەرەکانی چیە؟ شاهیدێکی هەیە یان دوو شاهید؟، پێوەری ئەوە دەکەی ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەدرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

لیژنەی هاوبەش كۆمەڵێك پێشنیار هەیە، ئیلحاح دەكەن لەسەر پێشنیارەكانی خۆیان، دوو، كەس و سێ كەس و چوار كەسیش تەبەنی كردووە، لەبەرئەوە موراعاتی ئەوە بكەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو مەسەلانە، كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت دروست كردنی لیجان لە ئیدارات پێمان باشە وەكو لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی یاسایی كە سیاغەكە بەم شێوەیە بێ، (تشكل اللجان الخاصة برئاسة قاضي في المحافظات والوحدات الادارية في الاقليم اذا اقتضت الحاجة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕوون كردنەوەیەكم لەسەر قسەكانی جەنابی وەزیر هەیە، ئێمە لە لیژنەش بەڕاستی زۆر موناقەشەمان لەگەڵی كرد، من نازانم بەڕێوبەرایەتیەك هەیە بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەكان سەر بە وەزارەتی شەهیدانە، ئەم بەڕێوبەرایەتیە ئایا سیاسەتی وەزارەت پیادە ناكات كە جەنابی وەزیر دەڵێ ئێمە سیاسەتێكی عامان هەیە؟، ئەو بەڕێوبەرایەتیە وەكو كاك گۆران باسی كرد، بەڕاستی سجنی سیاسی دەچێتە ئەوێ، لەوێ تەقدیمی هەرچی موستەمسەكێك دەكات بە هەموو تورقێكی قانونی كە وەزارەتی شەهیدان، بەڵام من بەداخەوە دەیڵێم ڕێنمایەكان كە دەرچووە لە بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەكان موعەرقیلە لەبەرئەوەی جوابێكە كە دێمەوە سەر جوابەكەی تارا خان شمولی ناكات، سجن هەیە لە ساڵی 1950 گیراوە، زیندانیە ساسیەكان ڕێنماییان دەركردووە و دەڵێ 4 شاهێد بێنێ حازر و دوو شاهێد قورئانی بۆ بخوات، كابرا كەس نەماوە، ئەمەیە دروست كردنی موعەرقیل لەبەردەمی نەچوونی زیندانی سیاسی، بۆیە من جارێكی دیكەش تەئكید دەكەمەوە بەڕێوبەرایەتی زیندانیە سیاسیەكان و سیاسەتی وەزارەتی شەهیدان پیادەی دەكات، بۆیە ئەگەر زیادەی حەلقەیەكی دیكە من پێمولیە دەبێتە هۆی عەرقەلەی زیاتر لەبەردەمی زیندانی سیاسیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

خۆی دوو شت هەیە خیلافی لەسەرە، یەکێکیان مەسەلەی ئیداراتە، دووەم، ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیرە، ئەبێ ئەو دووانە یان لە سیاغەکەی خۆتان جێ بکەنەوە و بیدەنە تەسویتەوە بۆ ئەوەی ڕەئی پەرلەمانتارەکان وەربگرین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیاغەیەی دوای وەرگرتنی پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بەو شکلەیە:

المادة الثانية:

تعدل المادة الرابعة من القانون وتقرا كالاتي:

اولا/ تشكل الوزارة لجان في مراكز المحافظات في الاقليم او اية وحدة ادارية تقتضي وجود اللجنة فيها برئاسة قاضي يرشحه مجلس القضاء في الاقليم وعضوية ممثلي الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت في طلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

حاڵەتەکانی دیکە بەردەوامە، نازانم ئەم پێشنیارە یان قەبوڵە یان نا؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێوە بەو سیاغەیە ڕازین دەربارەی ئیدارات، باشە، بزانن تەدقیقەکەش، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەخیری دەبێتە فەقەرەی 5 (تتولى اللجنة الخاصة القائمة حاليا باعادة تدقيق اضابير المشمولين بهذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

جەنابی کاك فرست هەندێ تێبینی هەیە لەسەرەتاوە، ئێستا دەیەوێ تێبینیەکانی خۆی بڵێ، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلەو بابەتەکە تەوزیح کرا بەڕاستی، وەزارەت بۆی هەیە پێش ئیحالەی موعامەلە بۆ لیژنەی قەزائی بکات تەدقیقی موعامەلەکە بکات، بزانێ کەموکورتیەکان چیە لەلایەك و بزانێ مەشمولە بە قانون یان مەشمول نیە؟، دوو/ کە قەرار لە هەیئەی قەزائی دەرچوو، قانونەن ئەوە لە بەدیهیاتی قانونە، نابێت هیچ جیهەتێکی غەیرە قەزائی تەدقیقی قەراری جیهاتی قەزائی بکات، باوەڕ ناکەم حقوقیەك لێرە هەبێت بتوانێ ڕەئیەکی عەکسی ئەو ڕەئیە بدات، چونکە ئەوە بەدیهیاتەکە، یەعنی سبەی ئێمە ئەگەر نەسەکی وا دابڕێژین باوەڕ بکەن سوڵتەی قەزائی هیچ حاکمێك تەرشیح ناکات بۆ سەرۆکایەتی ئەو لیجانانە، قەزا قەبوڵ ناکات و قانون نابێت قەزا خازعی تەدقیقی جیهەتەکی غەیرە قەزائی بێ، ئەوە بەدیهیەتە، من حەز دەکەم برادەران بزانن، نوقتەی تر کو مافی وزارەتە پاش دەرچوونی بڕیار هەر کە بڕیاری حاکم

بەدیلی نەبێت، بزانێ ئەو کابرایە مەشمول نیە بەو قانونە یان بڕیارەکە غەڵەت بێت حەقی هەیە داوا بکات لە مەحکەمەی ئیداری تەدقیقی بڕیاری ئەو هەیئەتە بکات، داوای ئیلغای بکات و داوای نەقزی بکات و داوای تەعدیلی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاکە دووبارە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده 2

تعدل الماده 4 من القانون وتقرأ كالاتى:

اولا/ تشكل الوزارة لجان فى مراكز المحافظات فى الاقليم أو اية وحدة ادارية تقتضى وجود اللجنة فيها برئاسة قاضى يرشحه مجلس القضاء فى الاقليم وعضوية ممثلى الوزارات الاتية بدرجة مدير للبت فى الطلبات المشمولين باحكام هذا القانون.

1/ وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين.

2/ وزارة الداخلية.

3/ وزارة المالية والاقتصاد.

ثانيا/ يثبت السجين او المعتقل السياسى امام اللجنة بالطرق القانونية وفقا لاحكام قانون الاثبات المرقم 107 لسنة 1979 المعدل النافذ فى الاقليم.

ثالثا/ تصدر اللجنة قرارها بالاغلبية وعند تساوى الاراء يرجح الرأى الذى يصوت معه الرئيس ويكون قرارها قابلا للطعن امام المحكمة الادارية وفقا لاحكام قانون مجلس شورى الاقليم رقم 14 لسنة 2008.

رابعا/ تتولى الوزارة رفع القرارات المتخذة من قبل اللجنة الى الوزارات المعنية لاتخاذ المقتضى القانونى بصددها وفقا لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە، 61 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بەخێر وبەرەکەت، الحمدلله، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 3

لەڕاستی دا من لەگەڵ ئەوەم ئەو نەسەی کە خوێندرایەوە بەو ئیمتیازاتانەی ئەقار و بەرامبەر بە قتعەی ئەرز و ئەو شتانە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئێمە ناکرێ زیندانیانی سیاسی خۆمان بە کەمتر بگرین لە زیندانیانی سیاسی عیراق، لەبەرئەوە لە یاساکەی عیراق دا ئەو ئیمتیازاتانە بە زیاتریشەوە هاتووە، من پێموایە زیندانیانی سیاسی ئێمە بە تایبەتی ئەوانەی سنووری ماددەی 140 ئەگەر زۆریشیان لێ بکەی نایەن لە کوردستان دا بەڕاستی موعامەلاتی زیندانیانی سیاسی بکەن، من بۆ خۆم کەسی خۆم هەیە، چووە لە خوار کردوویەتی، لەبەرئەوەی ئەو ئیمتیازاتانە لێرە نیە، بەڕاستی خۆش نیە کەسێك کە لە پێناوی ئەو وڵاتە و لە پێناوی ئەو خاکە و ئەو خەڵکە زیندانی سیاسی بووە و لەسەر قەزیەیەکی سیاسی گەورە کە مەسەلەی کوردستانە بەڕاستی بچێ لە بەغداوە ئەم ئیمتیازاتانە وەربگرێ، بۆیە بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم هەمان ئەو ئیمتیازاتانەی بۆ زیندانێکی سیاسی لە حکومەتی عیراقی دابین کراوە بۆ هەرێمی کوردستانیش دابین بکرێ، من پێموایە ئەوە بیانوو نیە کە مەسائیلێکی ئیقتسادی یان مەسەلەیەکی دارایی دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، من پێموایە ئێمە 17٪ ەکە وەردەگرین و ئەوانیش هەمان ئەو حاڵەتەیان هەیە، بۆیە ناکرێ کەمتر لە زیندانیانی سیاسی لە سنووری حکومەتی عیراقی کەمتر وەربگرن، بۆیە داوا دەکەم ئەو ئیمتیازاتانەیان پێ بدرێ، ئەمەش یاسایە و یاساش بۆ ئەمڕۆ دانانرێ، لەوانەیە سبەینێ وەزعی داراییمان باشتر ببێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من بەلامەوە پەسەندە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەروەکو هاوکارم کاك نەریمان ئاماژەی پێدا و لیژنەی کاروباری شەهیدان و زیندانیە سیاسیەکانیش خۆیان بە لایانەوە پەسەندە کە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، هەروەکو باسمان کرد زیندانیانی سیاسی ئێمە هیچی کەمتر نیە لە بەغدا ئەگەر لێرە 20 ملیۆنیان دەنێ بە مینحە لە بەغدا مینحەی ژیانیش هەیە کە دەیان دەنێ، یەعنی نەك 20 ملیۆنە بەڵکو 20 ملیۆنەکەشیان بۆ زیاد بکرێ بۆ 30 ملیۆن، لەبەرئەوە ئەوە حەقێکی زیندانیانی سیاسیە کە ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە و بتوانین بۆیانی دابین بکەین، بۆ بەرچاو ڕوونیشمان ئێستا هەندێ لە زیندانیانی سیاسی کە دەزانن ئەو مینحەیەی هەرێمی کوردستان ناکرێ یاخود کەمە دەچن لە بەغدا موعامەلە تەقدیمی ئەوێ دەکەن و یان موعامەلە تەقدیمی ئەوێ دەکەن بۆ ئەوەی ئەو مینحانەیان شمول بکات، لەبەرئەوە، ئەوە حەقێکی خۆیانە کە دەبێ ئەم ماددەیە بمێنێتەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لای هەمووان ئاشکرایە بەڕاستی زیندانیانی سیاسی توێژێکی قوربانی دەر و تێکۆشەرن کە لێرەدا پێویست ناکات زۆر لەسەری بڕۆین، بەڕاستی ئەو پرۆژەیەی کە کۆمەڵێك پەرلەمانتار پێشکەشیان کردووە، زۆر شتی باشی تیایە لەوەی کە ئەو مینحەیە کە 20 ملیۆنە بدرێ بە زیندانیانی سیاسی، ئەوە زۆر ماددەیەکی باشە و مافی زیندانیانی سیاسیە، من داوا دەکەم کە ئەوە نەبەسترێ بە سلفەی عەقارەوە، چونکە بەڕاستی لەبەرئەوەی زیندانیانی سیاسی لە بەشەکانی تری عیراق ئیمتیازاتێکی زۆریان هەیە، لێرە ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی بەڕاستی کەمە، بۆیە من داوا دەکەم و هیوادارم هاوڕێیانم پشتگیریم لێ بکەن، کە ئەو مینحە 20 ملیۆنیە موافەقەتی لەسەر بکرێ و نەبەسترێ بە سلفەی عەقارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی ئەوە نەماوە موناقەشەیەکی مەزمونەکە بکەین، ئایا ئەوە عەدالەتی ئیجتماعی تێدا یان نا، دەبووایە بیکەین لە رۆژی یەکەم لە قانونەکە، بەڵام من دەبینم ئەم پێشنیارە هیچ نیە غەیری ئەوەڵەن بکرێتە ئەوەڵەن وسانیەن، من نازانم حیکمەت تێدا چیە، ئەگەر مەسەلە ئەو نیقاشەیە ئەوە کەیە مەنحی هی مەبلەغ ئەو مەعنایە نادات کە مینحەیە، شتی وا نیە، ئەوەی عەرەبی دەزانێ مینحە وازحە، بۆیە من نازانم ئەو تەعدیلە هەدەفەکەی چیە؟، تەئکیدە لەوەی پارەکە بەلاش وەربگرێت مواتنی تریش بیگەڕێنیتەوە، ئەسڵەن من لەگەڵ ماددەکە ئەو ئەساسە نیمە هەر نەبیت، بۆیە ئەو تەعدیلە بە تەسەوری من هیچ ئیزافە ناکرێ بۆیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان دەکەم بەوەی کە دەڵێن ئەو ماددەیە بمێنێتەوە بەڕای منیش بمێنێتەوە، چونکە خۆی پرۆژە یاسایەکەی ناوی ئیمتیازاتە، ئەمە چۆن دەبێ ئیمتیازەکی لێ بسێنینەوە؟، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەوەم کە ئەو ئیمتیازاتەیان بدرێتێ کە مینحە جێ بەجێ بکەن و بۆ ئەوەی بتوانن خانووەکان بکەن، چونکە من زیندانی سیاسی دەناسم کە حوکمەکەی 20 ساڵ بووە و ئێستا لە خانووی کرێیە و ئەگەر ئەرزیشی پێ بدرێ و پارەی نەدرێتێ ئەگەر بە مینحەش بێت ناتوانن خانوو دروست بکەن، بۆیە بە زەروری دەزانم کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەو نەسە دەکەم کە لە هەمواری پرۆژەکە دا هاتووە، ئەویش بە پێدانی مینحەکەیە، چونکە بەڕاستی ئێمە و زۆر لە هاوکارانیشم باسیان کرد، پێدانی مینحە لێرە لیژنەی یاسایی باس لەوە دەکات کە فشاری دارایی دەخاتە سەر حکومەت، بەڵام من پێموایە حکومەت مولزەمە بە خۆشگوزەران کردنی ئەو چین و توێژانەی کە زیاتر زەرەرمەند بوون لە کۆمەڵگاکەدا، بۆیە پێویستە ئەو مینحەیان پێ بدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا زیندانیانی سیاسی هەموومان دەزانین ئەو تێکۆشەرانە بوون کەلە ڕۆژە سەخت و دژوارەکان دا بە گیانی خۆیان، بە جەستەی خۆیان مقاوەمەی سەرسەختانەیان بەرامبەر بە فاشیەکان دەکرد، یەعنی خەڵکێکی زۆر لەم وڵاتەی ئێمە موستەفید بووە، بە چ حەقێك ئەمان موستەفید نەبوون؟، روحی یاساکە، بەڕاستی روحی یاسایەکە ئەوەیە کە ماف و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بکەی، کەوا بوو من پرسیار دەکەم، ئێمە ئەم یاسایەمان بۆچی دەرکردووە بەدەر لە ماف و ئیمتیازات؟ بۆچی دەرمان کردووە؟ ئەم هەموو موناقەشەیە، دوو مانگە ئێمە خەریکین وپێشتر لە پارەوە لە ساڵی 2011 ەوە ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە بە بێ ئەوەی یەك حەرفی لێ جێ بەجێ بووبێ، لەبەرئەوە من داواتان لێ دەکەم زیندانیانی سیاسی زۆر لەوە زیاتر دەهێنن، زیندانیانی سیاسی بەڕاستی ئەو قارەمانانەن کە ئەم ڕۆژگارەیان دروست کردووە لە دوای شەهیدانەوە، شەهیدی زیندوون کاکە، هەیانە کە تاوەکو ئێستا کە من دەیناسم ناسکترین و عەزیزترین ئەعزای خۆی لە دەست داوە، یەعنی 20 ملیۆن دینار لەم وڵاتە موستەفید بووە، بۆیە من داواتان لێ دەکەم هەموو مان ڕەئی بدەین بۆ ئەو 20 ملیۆن و بۆ ئەو ئەرزەی کە لە یاسایەکە هاتووە و یاساکەش هەر ئەوەیە کە باسی لێوە کراوە و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئەم یاسایەی زیندانیانی سیاسی تابعێکی تەمامەن شیعی پێوە دیار بوو کە ئێمە نەقڵی کوردستانمان کرد بە هەمان نەزرە و بە هەمان تەعامول کە کە بەغدا و شیعە بۆ خەڵکی خۆیان دەکرد،

ئێمە لە كوردستان بەو شێوەیە جێ بەجێمان كرد، ئەمە جانبێكی زۆر باشە ئەگەر خزمەت بە شەریحەیەك بكەین كە زیندانیانی سیاسیە، بەڵام لەسەر حسابی كێ، ئایا دەزانن ئەولەویەت بۆ شەهیدانە، هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی دەرەجە یەك شەهید ئەوجا زیندانی سیاسی، هیچ خلافمان لەسەر ئەوە نیە، هەمووومان، ئایا دەزانن ئەم یاسایە چەند تاغیە لەسەر ئیمتیازاتی شەهیدان، بەو مەعنایەش نیە كە من دژی زیندانیانی سیاسی و مافەكانی ئەوان بم، بەڵام ئەگەر چاكی ناكەین با خراپی نەكەین، یەعنی با هەزارەها كەسوكاری شەهیدان لێمان تورە نەبن، ئەگەر سەقف و ئیمتیازاتی شەهیدان نەیەنینە ئەو ئاستەی كە شایستەی خزمەت و خەبات و قوربانی دانی وان بێت، ئێمە لەسەر حسابی ئەوان ئیمتیازات بە شەریحەیەكی دیكە نەدەین كە قەد بەو مەعنایە نا تیكراری دەكەمەوە كە من دژی ئەوان بم، بەڵام زۆر، زۆر خەتەرە و زۆر تاغیە، دووەمیش خسوسیەتی ئێمە وەكو كورد و كوردستان بەو مەعنایە نیە كە هەر یاسایەك لە بەغدا دەربچێ ئێمە تەبق ئەسڵ ئێمە لێرە جێ بەجێ ی بكەین، ئێمە 17٪مان سابتە وەكو حەرارەتی زیبەق سابتە، بەغدا لە ئیمتیازات و لە موخەسەسات و لەو شتانە هیچ سنوورێكی نیە، هیچ مەشروعێكی نیە، بۆیە هەمووی دەكاتە موخەسەسات و ئیمتیازات، دیسانەوە تیكرار دەكەمەوە كە بەو مەعنایە نیە كە من دژی بەرژەوەندی ئەوان بم، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە وەكو شەهیدان ئەو مینحەیە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان):**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێموایە كە ئەو هەمواركردنە هیچ ئیزافەیەكی نەكردووە، چونكە تەنها بڕگەی یەكەمی لە ماددەی 6 كردووەتە دوو فەقەرە، هیچ زیادەیەكی نەكردووە، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەسڵی یاسایەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەڕاستی دا مەسەلەی زیندانی سیاسی ماددەیەكی ریعایەت كردنی زیندانی سیاسی ماددەیەكی دەستووریە، ماددەی 132 لە دەستوور دەڵێ (تكفل الدولة رعاية ذوي الشهداء والسجناء السياسيين والمتضررين من الممارسات التعسفية للنظام الدكتاتوري البائد) ئەمەش بە یاسا ڕێك دەخرێ، دیارە ئەمان یاسایان بۆ دەركردووە، ئەوەی كە لە دەستوور هاتبێ تەنها بۆ بەغدا نیە، بەڵكو بۆ هەموو ئەنحای عیراقە و بۆ ئیقلیمی كوردستانیش، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی كە هاتووە لە ماددەی 6 لە یاسایەكە ئەگەر كەم نەبێ زیاد نیە، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەمە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڕاستی خۆی هەموار كردنەكەش هیچ ئەعبایەكی مالی دروست ناكات، وەكو ئەوەی كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دا هاتووە و كە من نازانم ئاگام لێی نەبوو و ئیمزام نەكردووە، هیچ فشارێك دروست ناكات، چونكە لەوێش بە هەمان شێوە هاتووە، دەڵێ (پارچەیەك زەوی نیشتەجێ بوونی بێ بەرامبەر پێ دەدرێ بە مەرجێك پێشووتر وەكو زیندانی كراوی سیاسی سوودمەند نەبووبێ، پێشینەكەشی هەر لەگەڵ دایە، نازانم ئەعبای مالی هیچ دروست ناكات،

بەس من یەك پێشنیارم هەیە، یەك زیاد کردنی بۆ بکرێ، باس لە پێشینە کرا، کە باس لەوە کرا کە ئەو برە پارەیەی کە پێی دەدرێ، لەگەڵ برِی پێشینەی عەقار بۆ بینایەکی نیشتەجێ بوون هاوتا بێ، من لەگەڵ ئەوەم، چونکە ئێمە لە یاسای بودجەدا ئەو مەسەلەیەمان کرد بە دوو برِگە، ئەوانەی کە لە ناوچە زەرەرمەندەکانن 25 ملیۆنیان پێ دەدرێ لە شارەکان 20 ملیۆنە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو فەقەرەی یەکەمە هەموار بکەین بەو شێوەیە، لەگەڵ پێشینەیەك کە برِەکەی لەگەڵ بەرزترین پلەی پێشینەی عەقار بۆ بینای یەکەیەکی نیشتەجێ بوون هاوتا بێ بۆ ئەوەی لایەنی زۆرەکە ئەگەر لە شاریش دابنیشێ لایەنی زۆرەکەی پێ بدرێ کە دەکاتە 25 ملیۆن دینار، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستی دا گیراوان و ڕاگیراوانی سیاسی بەشێکی قوربانی دەری نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانن، بەشێکن لەو سەروەریانەی ئەمڕۆ لە کوردستان تۆمار کراون، دەتوانین بڵێین دۆکیۆمێنتێکی زیندوو و بەرجەستەن لەبەرامبەر ئەو زوڵم و زۆر وستەمانەی کە لە بەرامبەر گەلەکەمان لە ڕابردوودا لە سەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان کراوە، بۆیە پێویستە ژیانێکی شایستەیان بۆ فەراهەم بکرێ، زیندانیانی سیاسیش هەروەك شەهیدە سەربەرزەکان و وەکو پێشمەرگە دێرینەکان پێموایە هاوشانن لە بەدیهێنانی ئەو دەسکەوتانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دا هەن و گەلی کورد لەسایەی دا حەساوەتەوە، بۆیە من پشتگیری هەمواری ئەو ماددەیە دەکەم کە لە ئەسڵی ماددەکە هاتووە بە پێدانی ئەو مینحەیە لەبەرئەوەی کە یاسای شەهید و ئەنفالکراوان واتە لە ئیمتیازاتی شەهید و ئەنفالکراوان دا هاتووە کە خیزانی شەهیدی خەباتگێڕی یان ئەنفالکراو مافی پێدانی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون یانیش پارچەیەك زەوی هەیە بە هەمان شێوە لە یاسای ئیمتیازاتی پێشمەرگەش دا هاتووە کە کار دەکرێ بۆ پێدانی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون بەو کەسانەی کەوا نیانە، بۆیە منیش پشتگیری پێدانی ئەو مینحەیە دەکەم، ئەگەریش دەڵێن وەڵڵا ئەمە قورسایی دارایی لەسەر هەرێمی کوردستان و بودجە دروست دەکات لە توانای حکومەت دانیە کە 17 تا 18 هەزار کەس خۆی بە زیندانی سیاسی تۆمار کردووە و لەوانەیە لە داهاتووشدا زیاتر بێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بۆیە وەکو ئەو دوو یاسایەی دیکەی لێ بێتەوە، وەکو ماف و ئیمتیازاتی شەهیدی خەباتگێڕ و ئەنفالکراوەکان و پێشمەرگەی سەنگەر دەکرێ ئەوانیش یەکەیەکی نیشتەجێ بوون یان پارچەیەك زەویان پێ بدرێ بە تایبەتی ئەوانەی کە نیانە، بەڵام ئەوەی کە موشکیلە لێرەدا ڕێنمایی ئەوانەی کە زەویەکانیان فرۆشتووەتەوە ناتوانن

سوودمەند بن لە پێدانی ئەم مینحەیە یان ئەم پێشینەی کە پێیان دراوە، بۆیە پێویستە وەزارەت پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی خۆی بکات دا لە دوای پەسەند کردنی ئەم هەموارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان)؛**

کاک حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لیژنەی پێشمەرگە و قوربانیانی جینۆساید دەکەم کە ماددەکە بمێنێتەوە و زیندانیان ئەو ئیمتیازەیان پێ بدرێ، بەڕاستی ژمارەی زیندانیان مەحدودە، یەعنی بارگرانی دروست ناکات، ژمارەیەکی دیاری کراوە، کە هیوادارم کە گەلی کوردستان تووشی زیندانی هیچ زیندانێکی سیاسی نەبێتەوە، سنووردارە و کە هیوادارم ئەم سنووردارییە زیاد نەکرێ بۆ ئیعتباراتی تر، بۆیە انشاءالله ئەو ئیمتیازە حەقی خۆیانە شەهیدی ئێستان و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان)؛**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پرۆژە پێشنیار کراوەکە دەکەم، کە ئەو 20 ملیۆنە نەبەسترێتەوە بە مەسەلەی پێشینەی خانووبەرەوە، ئەو 20 ملیۆنە بیاندرێتێ وەکو مینحەیەك هەموو زیندانێکی سیاسی بگرێتەوە، هۆکارەکەشی هاوڕێیانم ڕوونیان کردەوە، من دوو بڕگە زیاد دەکەم و داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم کە زیاد بکرێ کە کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکان پێشنیاریان کردووە، یەکەم/ هەروەکو چۆن بەشێك لە چین و توێژەکان، بۆ نموونە منالی شەهید و کەم ئەندام و خوێندنی زانکۆ ئەهلیەکان حکومەت تەکالیفەکەی دەگرێتە ئەستۆ، منالی زیندانی سیاسی ئەوەی بۆ بکرێ، هەروەها نەخۆشەکانیان لە خەستەخانەی حکومی و ئەهلی تەکالیفەکەی حکومەت بیگرێتە ئەستۆ هەروەك ئەو چین و توێژانەش کە بۆیان کراوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان)؛**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام)؛**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی هاوکارەکانم دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان)؛**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەڕێزەکان من ناچمەوە تەفسیڵی دەوری زیندانی سیاسی، ڕۆڵی شەهیدە سەربەرزەکانیش کەم نانرخێنم، بەڵام ئێمە وەکو ناحیە یاساییەکەی سەیرێکی بکەین، من لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دا ڕەئیەکی موخالفم هەیە تیایدا، ئەسڵەن لە ئەسڵی پڕۆژەکە و ئەسڵی یاسایەکە هاتووە کە لە ماددەی 6 ی دا لە فەقەرەی 1 دا کە دەڵێ قیتعەیەك ئەرز بدرێ بە سەجینی سیاسی و مینحەیەك موساوی (مبلغ مساوی لمبلغ سلفة العقار لبناء وحدة سكنية) هەدەفی موشەریع لێرە دەڵێ (منحة مبلغ مساوي لمبلغ سلفة العقار)، یەعنی (من حيث المبلغ) یەعنی لە بڕەکە موساوی بێ بۆ بڕی قەرزە عەقاریەکە، نەك لە شروتدا موساوی بێ بۆ شروتی دانی قەرزی عەقاری وە هەدەفی موشەریع ئەوەیە وەکو برادەران باسیان لەسەری کرد خزمەتکردنی ئەو چینەیە کە پێی دەوترێ زیندانی سیاسی، ئەگەر نا یاسایەکە خۆی لە ئەسڵدا ئیمتیاز و حقوقی زیندانی سیاسیە، لێرە ئەگەر ئێمە بێین سەیری بکەین، زیندانی سیاسی هەیە 5 ساڵ لەمەوپێش و 10 ساڵ لەمەوپێش، خانوویەکی کردووە و بەهەر شێوەیەك بێ بە قەرز و قۆڵە بێ، بە یارمەتی بێ و بە مەعاش بێ بە هەر شتێ بێ خانوویەکی کردووە، ئێستا خانوو ناتوانێ بکات، کە نەیتوانی خانوو بکات، چونکە بەگوێرەی ئەو یاسایە دەڵێ نابێ موستەفید بووبێ وەکو سەجینی سیاسی لە قیتعە ئەرزەکە، وە مینحەکەش شەرتی بینای وەحدەی سەکەنیە، کەواتە ئەم کەسە کە پێنج ساڵ لەمەوپێش پێش دەرکردنی ئەم یاسایە خانووی کردووە موستەفید نابێ لە مینحە عەقاریەکە کێ موستەفید دەبێ ئەگەر من بێم ئێستا خانوویەك دەکەم و زیندانێکی سیاسی ئەمڕۆ بێ خانوویەك بکات لەو زەویەی کە وەری گرتووە، هەم قەرزی عەقاریەکەش وەردەگرێ و هەم مینحەکەش وەردەگرێ، ئەمە ناعەدالەتیەك دروست دەکات، جیاوازیە لە نێوان زیندانیە سیاسیەکان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە تەعلیماتی ژمارە 10 ی ساڵی 2011 بە نەسی سەریح، ئەنجومەنی وەزیران ئیشارەتی پێیداوە، هیچ مەناعەتێکی نەبووە لە مینحەکە، وەکو ڕاپۆرتەکەی لیژنە هیڵی ئەعبائی مالی دروست دەکات، خۆ ئەگەر ئەعبائی مالی دروست بکردایە یاسایەکە تەسدیق نەدەبوو وەکو تەسدیقی مەجلسی وزەرا ناڕەزامەندی خۆی لەسەر دەربڕی، بە پێچەوانەوە لە ماددەی 6 ی تەعلیمات نیزامی ژمارە 10 ی ساڵی 2011 باس لەوە دەکات دەڵێ وای وردکردووەتەوە و وای حەقەکەی داوەتێ دەڵێ میراتگرەکانیشیان لە فەقەرە یەك و فەقەرە 3 مەشمولن بەم مینحە و بەم ئیمتیازەی کە دەدرێ، لەبەرئەوە من ڕام وایە و بۆ خۆم ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی ئەو بەڕێزانەیە کە مینحەی 20 ملیۆنەکەی بدرێتێ، ئەگەر ئێمە ڕەچاوی یاسایەکە لە بەغدا ئیمتیازاتی زیندانی سیاسی زۆر لەوە زیاترە وەکو هەندێ لە برادەران باسیان کرد ئێمە دەیبیستین زۆر کەس چوون لە کەرکووك و لە شوێنەکانی دەرەوەی هەرێم خۆیان دەنووسن ئەمە کارێکی باش نیە، ئەمە کەم کردنەوەیە لە شان و باڵی زیندانیانی سیاسی کوردستان، لەبەرئەوە پێویستە وەك پڕۆژەکە بڕوا بەڕێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیری لە قسەکانی نەسرین خان و کاك نەریمان، من دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەکم دەست بکەوێ لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە کە لەوێ دانیشتوون، لێرەکە دەوترێ پارچەیەك زەوی پێ دەدرێ بە بێ بەرامبەر، دواتر لە بەشی دووەم دەڵێ ئەگەر هاتو پێشتر سوودمەند نەبووبێ، ئەم بێ بەرامبەرە تا ڕادەیەك مەتاتیە، یەعنی ئەمە ڕوونکردنەوەمان دەوێ کە دەوترێ بێ بەرامبەر ئایا مینحەیە؟، چونکە ئەگەر مینحە بێ لە بەشی دووەمی رستەکە بەتاڵ دەکاتەوە، کەواتە ئەگەر پێشتریش سوودمەند بووبێ جارێکی تر هەر دەتوانێ سوودمەند بێتەوە وەکو زیندانی سیاسی؟، ئەمە لێرە لەم بێ بەرامبەرە پێویستە ڕوون بکرێتەوە، بە نیسبەت بەشی دووەمەوە ڕوونکردنەوەیەکی تر ئەم مینحەیەی کە بلێین لەناو هەموارەکە بوونی هەیە ئایا زیندانیانی سیاسی پێشووتریش، چونکە ئێمە دەزانین یاسایەکە کە دەردەچێ لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ، ئایا ئەوانەی پێشتووتریش هەمان مینحە سوودمەند دەبن لێی؟ چونکە من پێشنیار دەکەم بە هەمان شێوە ئەوانەی پێشووتریش سوودمەند بن لەو مینحەیەی کە ئێمە دواتر دەنگی لەسەر دەدەین، بە نیسبەت هاوسەنگی ڕاگرتن ئەگەر ئێمە بمانەوێ دادپەروەری لە نێوان شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دا ڕابگرین، ڕاستە زیندانیانی سیاسی شەهیدی زیندوون و زۆر لەوە زیاتر پێویستە ئێمە خزمەت و ماف و ئیمتیازیان بۆ دابین بکەین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ تاڕادەیەك دادپەروەر بین، ئێستا یاسای هەمواری شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هەموارەکەوە بتوانین مووچە و هەموو ئیمتیازەکانی کەسوکاری شەهیدانیش بەرزتر بکەینەوە، چونکە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان نەك ئێمە بێین جارێکی تر ماف و ئیمتیازی زیندانیانی سیاسی کەم بکەینەوە، پێویستە بەرزتری بکەینەوە، پشتگیری هەردوو پێشنیارەکەی کوێستان خانیش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها کوێستان خان پێشنیارێکی تازەی هێنا، ئێستا من تەئیکد لە جەنابی دەکەمەوە لە یاسایەکە هەیە، ئەو دوو پێشنیارەی کە جەنابی باسی کرد، یەك/ ئەمە قبوڵە دیراساتی عولیا بە بێ ئیستسنای عومر (تتحمل الحكومة نفقات دراسته أو احد أولاده فی احدی الجامعات)(تتحمل الحكومة تكاليف المعالجات فی المستشفيات الحكومية) جا من تەوزیحێکی دیکە بدەم، ئێمە ئەم تەعدیلە کە هاتووە، من چوومەتە کۆمکاری

زیندانیە سیاسیەکان، کاك احمد تەعدیلێکی کردووە، ئەو دوو، سێ ئیزافەی بۆ کردووە، ئەگینا لە یاسایەکە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕوونکردنەوەی ئەوەی یاسایەك ڕاستە، یەك منالە، من دەڵێم منالەکانی، دووەم/ دەڵێ لە خەستەخانەی حکومی خۆی بە خۆڕایی و بێ بەرامبەرە، من دەڵێم لە خەستەخانەی ئەهلی یان ئەگەر بکرێت ئێستا خەستەخانەیەکی تایبەت هەیە بە شەهیدان، زیندانی سیاسیش بگرێتەوە، نەشتەرگەریشیان بۆ دەکرێ، کۆمەڵێك ئەشیعە وئەوانەشیان بۆ دەکرێ، لەبەرئەوەی ئەو حکومی باس دەکات من دەڵێم ئەهلی، حکومی خۆی بەلاشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز حەسر کرابوو لەبەرئەوەی بەشێکیان پشتگیری لە پرۆژەی هەموار کردنەکە دەکەن، بەشێکی تریان داوایان کرد ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لێرە پێش ئەوەی سیاغەی ئەو پێشنیارە بکەین، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم پێشنیاری یەکەم کە داوا دەکەن پرۆژەکە وەکو ئەوەی کە تەقدیم کراوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە سیاغەکەی موەفەق نیە لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشکەشکارانی پێشنیارەکە، هەتا بتوانین سیاغەی بکەین، لەبەرئەوە پێموایە ماددەکە رەفز بکرێتەوە بۆ پێشنیاری یەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ پرۆژە پێشکەشکراوەکە کە پرۆژەی تەعدیلی پێ دەوترێ، 12 کەس تەئیدی ئەوەی کرد کە ئەوەی لە پرۆژە تەعدیل کراوەکە هەیە بەجێ بگەیەنرێ، سێ کەس داوای کرد بچێتەوە ئەسڵی یاسایەکە، بەواتا مینحەکە کە لە پرۆژەکە هاتووە لەگەڵ ئەرزەکە جیا کراوەتەوە بۆتە دوو فەقەرە ئەوە 12 کەس دەنگی لەسەر داوە، دەڵێ دەنگی بۆ بدرێ، سێ کەس دەڵێ نا با وەکو ئەسڵی یاسایەکە بمێنێتەوە، لەبەرئەوە

پێویستە ئێستا ئەو 12 بەڕێزەی کە داوایان کردووە ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی قبوڵ نەکرێ، ڕەئی پرۆژەکە قەبوڵ بکرێ و بخرێتە دەنگدانەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، ڕەئیەکیان دەڵێ هەموار بکرێ ماددەکە، ئێستا ئەوەی کە دوورترە، هەموار کردنەکە دوورترە، نا کاکە وەکو خۆی بمێنێ ئەوە سابتە، کاك فرست فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموار کردنەکە دەخەینە دەنگدان، ئەگەر دەنگی نەهێنا مەعنای ئەسڵەکە وەکو خۆی دەمێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك مولاحەزە هەیە بەڕاستی لە ئەسڵی یاسایەکە هاتووە بە عەرەبیەکەی دەڵێ لەگەڵ پێشینەیەك، بە کوردیەکەی بە عەرەبیەکەی مینحە، فەرقی هەیە لەگەڵ مینحە، مولاحەزەیەکی تر ئێستا ئەگەر ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە هەموارکردنەکە هاتووە ئەگەر بیکەین بە دوو فەقەرە، ئێمە ئەو وارسی زیندانی کراوی سیاسی مەحروم دەکەین لە پێشینەکە، چونکە لە ئەسڵی یاسایەکە هاتووە لە 10 دەڵێ ماف و ئیمتیازاتی مردووەکان ئەوانەی کە لە هەردوو بڕگەی یەکەم و سێیەم، واتە ئەگەر ئەوە ئیزافە بکەین ئەوا نایانگرێتەوە، بۆیە دەبێ بکرێت بە یەك بڕگە، بڕگەی تر زیاد نەکرێ، چونکە ئەوانە مەحروم دەبن لە مینحەکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرەبیەکە موتەبەعە، ئیعتمادی لەسەر دەکرێ، بە مینحە و بە سلفە هاتووە بە هەردوو بەشەکە، ئەمەی کە لە پرۆژە تەعدیل کراوەکەی ئێستا پێشکەش کرابوو جیاشی کردووەتەوە و برادەران 12 کەس دەنگی لەسەر ئەوە دا لەبەئەوە پێویستە پرۆژە تەعدیل کراوەکە بخەیتە دەنگدانەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من جارێکی تر دەبێ بگەڕێمەوە عەقلی بچووکی خۆم، من وا تێ گەیشتوومە ئەو سێ ساڵە، یاسایەك هەیە و پێشنیارێکی پێشکەشکردووە بە هەموارکردنی ماددەیەك، واتە مەوزوعی دەنگدان و موناقەشەمان ئەو پێشنیارەی هەموارکردنی ماددەیەکە ئێستا پێشنیار هاتن، دوورترین پێشنیار ئەوەیە کە دەڵێت ئەم ماددەیەی لە پرۆژەکە هاتووە ڕەد بکرێ، واتە یەکەمین شتی کە دەنگی لەسەر دەدەین ئەوەی دوورە لە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە، پرۆژە یاسایەکە دەڵێ ماددەیەك هەموار بکرێ، واتە نابێت ئەو خودی ئەوە ئەوەڵ جار بخرێتە دەنگدان، ڕەئیەك هەیە لە دژی ئەم ماددە ئەسڵیەکەی پرۆژە یاسایەکەیە، ئەو دوورە بەڕەئی من واتێ گەیشتوومە من تەسەور دەکەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**کاك عمر فەرمووو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا پرۆژە تەعدیل کراوەکە ئەوەی کە ناوی (مشروع قانون التعدیل الاول لقانون امتیازات السجناء والمعتقلین السیاسیین) دەبێ ئەمە بخەیتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەمە دەنگی هێنا ئەوە تەعدیلەکە ڕۆیشتووە و دەنگی نەهێنا، ئەوا ئەسڵی ماددەکە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە وەکو خۆی و سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**جەنابی وەزیر فەرمووو.**

**بەڕێز صباح احمد (ئارام)/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا تەماشاکە ئێمە وەکو وەزارەت ئاگامان لێی نیە لەم تەعدیلە کە نەهاتووە پێمان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەش هەمان ڕەئیان هەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی ئەساسی لێرە لەم ئامادەییە باوەڕیان وایە ئەگەر پێداویستیەك هەبوو بۆ گۆڕانکاری، ئێمە پێشنیارمان وایە لە داهاتوو دیراسە بکرێ و هەموار بکرێتەوە، بەڵام ئێستا بەم سەرپێیە ئێمە ناتوانین هیچ بکەین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

**کاك عمر فەرمووو.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی تێی گەیشتم تەعدیلەکە لەسەر ئەوەیە کە مینحەکە جیا بکرێتەوە، ئەمە بابەتێکیانە، چۆنیەتی مامەڵە کردنەکەی لەگەڵ ئەم بابەتە بە باوەڕی من دەبێ بەم شێوەیە بێ، ئایا لە ئەسڵدا ئێمە لەگەڵ هەموارین یان نا؟، پاش ئەوە چەند پێنشیارێك هەبوو، پێشنیارەکان بە پێی دووری و نزیکیان بخرێنە دەنگدانەوە، بەو شێوەیە بەڕێوەبچێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە باس لە دوو بابەت دەکات، لە یەك فەقەرە، پێدانی پارچە زەویەکە لەگەڵ سلفەی عەقار وەکو مینحە، نازانم تەعدیل کردنەکە بە چ مەبەستێك کراوە؟ تەنها ئەوەی لە خاڵی یەکەمی ئەسڵی یاسایەکە هاتووە کردوویەتە دوو بڕگە، پێویست بەو تەعدیلە ناکات، کە ئێمە دەڵێین لەگەڵ ئەسڵی قانونەکە بین، مانای ئەوە نیە دژی ئەوە بین کە پارچە زەوی بدرێتە زیندانی سیاسی، یاخود مینحەکەیان بدرێتێ، لەبەرئەوەی ئەو دوو مافە تەسبیت کراوە لە بڕگەی 1 ی ماددەی 6 ئەسڵی یاسایەکە، تەعدیل کردنەکە تەنها یەك مەفهومە، یەك بڕگەی یەکەمە، کراوەتە دوو بڕگە کە یەکەم و دووەمە، لەبەرئەوە داوامان کردووە کە پێویست بەتەعدیلەکە ناکا و لەسەر ئەسڵی یاسایەکە بمێنینەوە، لەبەرئەوەی هەردوو ماف چەسپێنراوە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی 6 بۆ زیندانی سیاسی، هەر ئەوەندەیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆیە داوای ئەو هەموارکردنەمان کردووە، کە جەخت لەو ئیمتیازاتانە بکەینەوە، یەعنی ئەگەر وەکو یاسایەکەیە ئێمە بۆچی ئەمەمان پێشکەش کردووە و هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە تەئیدیان کردووین، یەعنی جەخت کردنەوەیە لە مینحەکە، ئەو مینحەیە ئێستا کاك عمر زۆر جوانی باس کرد، خۆ ئەوەش قانونیە، ئەوە ئێمە هیچ لە قانون نازانین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

لیژنەی یاسایی، ئەوە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو بڕگەیە بخرێتە دەنگدان سیاغەکە قانونی نیە، دەبێ چاکی بکەینەوە، بەڵام پێش ئەوەی سیاغەکەی بکەینەوە، ........ .

كە مەجلسی وزەرا ئەنزیمەیەك دەربكات نیزامی پێویست، ماددەیەكیشە بۆ ڕێنمایی كە لە دەسەڵاتی وەزیرە دەربچوێنێ و زۆر ئاساییە لە هەموو یاساییەكان ئەو شێوەیە پەیڕەو كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان)؛**

لیژنەی پێشمەرگە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری؛**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو خۆم قسەم هەیە ئەگەر یارمەتیم بدەی، دیارە یاسا كە لەم پەرلەمانە دەردەكرێ بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم كە وەزیر ڕێنمایی دەربكات، من تەوزیحێك دەدەم ڕێنماییەك دەرچووە پێشتر بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە بەداخەوە دەڵێم ڕێگر بووە لەبەردەم جێگرتنی ئەم یاسایە، چونكە كۆمەڵێك تەحقیقاتی بۆ سجنی سیاسی دەركردووە زۆر بە زەحمەتە، لەوانە مەسەلەن من یەك نموونە دەهێنمەوە، ئەگەر من لە بەسرە گیرابم خۆم بە تەنها و كەس ئاگادار نەبووبێ كەس نازانێ ئەم یاسایە كە شمولی من ناكات، دەبێ چوار كەس لەگەڵتا بووبێ، دوو كەس مەعاشی سجنی سیاسی هەبێ ئینجا بۆی هەیە، بۆیە من داواكام جەنابی وەزیر و وەزارەت ڕێنمایی دەربكەن و بەو ڕێنماییە بچنەوە بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە، نەك بۆ ئەوەی بێتە بەردەست لەبەردەمی سجنی سیاسی داو وەكو ئێستا سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان)؛**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن؛**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ئەسڵدا نیزامی ژمارە 10 ی بۆ دەرچووە كاتێك كە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بووە و یەك لیژنە هەبووە، ئێستا لەم پرۆژە تەعدیل كراوە گۆڕانكاری بەسەر لیژنەكانیان دا هاتووە، لەبەرئەوە ناكرێ پێویستی بە نیزام نەبێ، مەجلسی وزەرا نیزامێكی بۆ دەرنەكات، وەكو باقی یاساكانی تر دەبێ مەجلسی وزەرا ئەم نیزامەی كە دەری كردووە ژمارە 10 ئێستا لەگەڵ ئەم واقعی تەعدیلە ناگونجێ، دەبێ ئەو نیزامە گۆڕانكاری تیا بكرێ، نیزامی تازەی بۆ دەرچێ و بە گوێرەی ئەو تەعدیلەی كە ئێستا كراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان)؛**

كاك  شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ؛**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە كۆمەڵێ یاسای باشمان بەڕاستی لەم پەرلەمانە دەرچوواندووە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێنماییانەی كە دەردەچێ لە وەزارەتەكانەوە زۆربەی یاساكانمان واڵێ دەكەن كە بەڕاستی ئیشی پێ نەكرێ، یەكێ لەو

کێشانەی کە ئێستا لەم یاسایە هەیە خەڵك هەبووە کە چووە بۆ خۆمی باس کردووە بە شەخسی کە دەڵێ خۆتان دەزانن ئەو ژنانەی کە گیراون کاتی خۆی ژن لەگەڵ پیاودا نەبووە ژنان بە جیا گیراون، ڕەنگە دوو، سێ ژن بەیەکەوە بووبێ، ئێستا داوای ئەوە دەکرێ ئەوەی کاك محمد شارەزووری من تەئکیدی لێ دەکەمەوە کۆمەڵێك ژن هەبووە کە ئێستا داوای دوو شایەتیان لێ دەکەن کە لەگەڵیا بووبێ، لە هەندێ شوێن بەڕاستی کە بەداخەوە باسی ئەوەیان کردووە کە ئەبێ دوو ژن بە شایەتێك بێ داوای 4 ژنیان لێ کردوون، کە ئەمە شتێکە بەڕاستی حەقی وایە لەم پەرلەمانەیە باسی بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان کە نیزامەکە دەرچووە پێش تەعدیل کردنی یاسایەکە بووە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، ئێستا یاسایەکەمان هەموار کردووە، هەر دەبێ نیزامەکە جارێکی تر هەموار بکرێتەوە، بۆیە دەبێ ئەنجومەنی وەزیران نیزامەکەی خۆی بلێین نیزامەکەی خۆی هەموار دەکاتەوە، دوای ئەوەش خۆمان لە هەموو یاسایەك ئەوە دەڵێین (على الوزاره اصدار التعليمات) وەزیر تەعلیماتی پێویست دەردەکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، یەعنی هەردوو بابەتەکەی دەبێ تیایدا بێ، هەم نیزامەکەش هەموار بکرێتەوە و هەم ڕێنماییەکەش دەربکرێ لەلایەن وەزارەتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك فرست هەندێ تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانونی ئەسڵی مافی دەرکردنی نیزام بە مەجلسی وەزیرانمان داوە، نیزامەکەش دەرچووە، ئێستا قانونەکە تەعدیل دەکرێ، مەفروزە مەجلسی وەزیران تەعدیلی نیزامی خۆی دەکات، نە نیزامەکی تازە دەربکات، دوو/ موحتاجی نەسیش ناکات، چونکە مەبدەئێکی قانونی هەیە، دەڵێن (من يملك الكل يملك الجزء) ئەوەی حەقی هەبێ نیزام دەربکات، حەقی تەعدیلی نیزامیشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە سیاغەی ماددەکە بەو شکلە دەبێت:

